# بەرێز جۆرج بۆش  سەرۆکی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

روخاندنی رژێمی سەدامی دیکتاتۆر و ئازادکردنی عێراق ئەرکێکی گرنگ و خواستێکی مێژوویی سەردەم بوو کە بە رێبەرایەتی بەرێزتان بەرێوە چوو.

لە هەمان کاتیشدا سەرەتایەکە بۆ گۆرانی گەورەی شارستانی و دیموکراسی و پێشکەوتن لە عێراق و ناوچەکەدا ، بەلآم دەبێ ئەو راستیە لە بیر نەکرێ کە کێشەی عێراق تەنیا بە روخاندنی سەدام چارەسەر نابێ ئەگەر بۆ سەرچاوەو هۆکارەکانی نەگەرێینەوە، کرۆکی کێشە کە لە پێکەوەلکاندنی نا ئارەزوومەندانەی ویلایەتەکانی( موسڵ و بەغداد و بەسرە ) دا خۆی دەبینێتەوە .

دوای یەکەمین جەنگی جیهان بەبێ ئەوەی پرس و راوێژ بە نەتەوەی کورد بکرێ ،باشوری کوردستان ( ویلایەتی موسڵ ) خرایە سەر عێراقی عەرەبی و خواستی سەربەخۆیی لێزەوتکرا . بەدرێژایی ئەوماوەیەش دەستەڵاتداری عەرەب لە بەغدادا هەرکێ بووبێ ، بە درندەترین شێوە هەوڵی لە ناوبردنی کورد و شێواندنی دیمۆگرافیای کوردستانی داوە و رەگەز پەرستانە داخوازیەکانی گەلی کوردی لە ژێر پێناوە و بە حوکمی ئاگر و ئاسن درێژەی بە پاراستنی دەسەڵاتەکەیداوە .

ئەمرۆکەش ئەو کێشەیە تەنها بەوە چارەسەردەکرێ کە رێگە بە گەلی کوردستان بدرێ لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتوەکاندا لە ریفراندۆمێکی ئازاددا بریار لە چارەنووسی خۆی بدات و دەوڵەتی سەربەخۆ پێکبهێنێ.

**سەرۆکی بەرێز...**

ئەمرۆ گەلی کوردستان و تێکرای مرۆڤایەتی بەگەشبینیەوە لە هەنگاوەکانی چارەسەر کردنی کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دەروانن و هیواخوازن بەزوویی ئەو کێشەیە یەکلایی بکرێتەوە ، بەلآم دیسانەوە نابێ ئەوراستیە لە بیر بکرێ کە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین بە تەنیا  کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل نیە ،کێشەی نەتەوەیی کورد و خاکی کوردستانی داگیرکراو گەورەترین و رەواترین کێشەی بەرچاوی ناوچەکە و جیهانە و خوازیاری چارەسەرکردنە . ئێمە پێمانوایە تارێگە بە گەلی کوردستان نەدرێ وەکو گەلانی دیکە بریار لە چارەنووسی خۆی و نیشتمانەکەی بدات ، دۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر نابێ و ئاژاوە و ململانێ و ناکۆکیەکانیش کۆتا نابن .

**سەرۆکی بەرێز...**

کورد دێرینترین گەلی ناوچەکەیەو بەدرێژایی مێژووش لە سەر خاکی خۆیدا ژیاوە ، گەورەترین نەتەوەشە کە تا ئەمرۆ ماف و ئازادیەکانی لێزەوتکراوە .بەڵام ئەم سەدەیە، سەدەی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤە و بەرێزتانیش بانگەشەی بۆ دەکەن ، بۆیە ئێمە داواتان لێدەکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردستان و پیادەکردنی ئازادی و دیموکراسی و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ پشتیوانی لە بەرێوەبردنی ریفراندۆمێکی ئازاددا بکەن.

**سەرۆکی بەرێز...**

کێشەی کورد لە عێراقدا بە تەنیا کێشەی مرۆڤێنی و هاوولاتی بوون نیە تا لە هەوای دیموکراسیدا بە نوێنەرایەتی چارەسەر بکرێ ، کێشەی کورد ، دۆزێکی سیاسی ، نیشتمانی و نەتەوەیی گەلێکی تینووی رزگاری و سەربەخۆییە ، دەبێ گەل ئازادانە بڕیاری خۆی بدات و کێشەکە چارەسەر بکات . چونکە گەلی کوردستان ئەزموونی مێژوویی لە گەڵ دەستەلاتدارانی بەغداد هەیە ، بەر لە گەیشتن بە دەسەلات دروشمی ئازادیان هەڵگرووە و بەڵێنیان بە کورد داوە ، بەڵام کاتێ گەیشتوونە سەر کورسی حوکم لە بەڵێن و دروشمەکانی خۆیان پاشگەز بوونەتەوەو کەوتونەتە دژایەتیکردنی گەلی کوردستان ، بۆیە ئیستاکەش بەنیگەرانیەوە لە داهاتوودا دەڕوانێ .

ئەمڕۆ بەرێزتان و ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهان و بەرقەرارکردنی دیموکراسی خۆتان بە بەرپرسیار دەزانن ، لەم روانگەیەوە بەرپرسیاریەتی چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان لە ئەستۆی ئێوە و پارێزەرانی دیموکراسی و مافی مرۆڤدایە .

چاوەڕوانی هەڵوێستی ئازایانەی بەرێزتانین .

بژی مرۆڤایەتی ..

سەرکەوێ ئازادی و دیموکراسی .

**رێکار ئەحمەد**

**سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان**

**1.5.2003**